
## بەهێزترین لەیزەر لەجیهاندا

لەیزەری کریپتۆن لەکتێبی پێوانەییەکاندا وەك بەهێزترین لەیزەری دەستی ناسرا، بەهۆیەوە دەتوانرێت تانەت سەتەلایتەکانی دەرەوەی گۆی زەویش بکەی بەنیشانە.

لەیزەر لەژیانی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتیدا کاریگەری زۆری هەیە. گشت ئامێرەکانی بلاوکردنەوەی CD و DVD لەیزەرێکی بچووکیان تێدایە، بەلام لەیزەری کریپتۆن لەجۆری خۆیدا وەك بەهێزترین لەیزەری دەستی جیهان دادەنرێت، کە دەتوانێت هەتا 136 کیلۆمەتر تیشك باوێژێ. لەیزەرەکە ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت لەم سەری ژوورێك کاغەزێك بسووتێنێ. هەربۆیە سەیرکردنی راستەوخۆی تیشکی ئەم لەیزەرە بۆ مرۆڤ زیانبەخشە، تیشکی لەیزەرەکە هەشت هەزار جار پترە لەتیشکی خۆر کە بەچاوی مرۆڤ دەکەوێت. هەربۆیە فرۆشتنی تارادەیەکی زۆر نایاساییە.



## ئامازۆن و ئەپڵ لە ڕکەبەرییەکی جدیدیدا



ئامازۆن کە زیاتر وەك کۆمپانیایەکی گرنگی کتێبخانەی جیهانی ناسراوە و هەروەها بە کتێبخانە دیجیتالییەکانی بەناوبانگە، لەم ماوەیەدا تەبلێتێکی 7 ئینجی هێنایە بەرهەم. مەبەستی ئامازۆن لەم تەبلێتە نوێیە ململانێیەکی جدییە لەگەڵ کۆمپانیای ئەپڵ کە بەرهەمەکانی لە پێشەنگی ئامێرە ئەلکترۆنییە دیجیتالییە کەسییەکاندا دێن. تەبلێتەکەی ئامازۆن بە Kindle fire ناسراوە.

"ئامازۆن کیندیل فایر" لەلایەن کۆمپانیاکەیەوە بە نرخێکی زۆر هەرزان بایی دەفرۆشرێت تەنیا دووسەد دۆلار، ئامێرەکە بۆ پێوەندی بە ئینتەرنێتەوە لە سیستەمی وای فای سوود وەردەگرێت. سیستەمی 3G تێدا نییە. شاشەکەی 17 ئینجە. لە جۆری IPS، کێشی تەبلێتەکە 410 گرامە. کوالیتی شاشەکەی لە ئایپاد باشترە، بەلام ناگاتەوە ئایفۆن. لەسەر ئەم تەبلێتە هیچ مایك و کامێرایەك نابینی. هاردەکەی تەنیا 8 گیگا بایتە، بەلام ئەوەیان گرنگ نییە، چونکە کۆمپانیای ئامازۆن هاردێکی مەجازی ئینتەرنێتی بێ سنوور بە بەکارهێنەرانی دەبەخشێ. واتە دەتوانی بەبێ سنوور داتاکانی خۆت لە سایتی ئامازۆندا خەزن بکەی...

## کیبۆردێک کۆمپیوتەر و TV پێکەوە دەبەستێتەوە

کیبۆرد وەك ئامرازێکی گرنگ بۆ پێوەندی نێوان بەکارهێنەر و کۆمپیوتەر دادەندرێ، لە ڕاستیدا بەبێ کیبۆرد جا چ کیبۆردی لەمسی بێت، یان کیبۆردی فیزیکی مرۆڤ ناتوانێت هیچ لە ئەرکەکانی لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجام بدات، کۆمپانیایەك جۆرە کیبۆردێکی بەرهەمهێناوە کە وایەرلێسە و زۆر تەنکە، بە ئاسانی کۆمپیوتەر و TV پێوەندار بە لاپتۆپ لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکات.

کیبۆردەکە کە بەرهەمی کۆمپانیای "لاجی تەك" بە کیبۆردی جۆری Logitech wireless touch keyboard K400 تایبەت بەو کەسانەیە کە دیانەوێ فایلە مۆلتی میدیاکانیان لەسەر تەلەڤزیۆن سەیر بکەن.

بەکارهێنەر دەتوانێ بەهۆی ئەو کیبۆردەوە لە مەودای 10 مەترییەوە فەرمانەکان بە تەلەڤزیۆن یان لاپتۆپ بدات.

بەهۆی بوونی پەدێکی لەمسی کە لەگەڵ کیبۆردەکە دایە دەکرێت وەك ماوسێك سوودی لێوەربگیرێت.





## سینەما و جیهانی IT

هونەری سینەما وەك هیچ هونەرێکی دیکە نییە کە پێوەندی زۆری بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە نەبێت، بگرە هەتا تەکنۆلۆژیا پێشبکەوێت، هونەری سینەماش لەپێشدایە، چونکە ڕاستەوخۆ ئەو هونەرە بەهۆی تەکنۆلۆژییەوە لەدایك بووە. کامێرا لە سینەمادا ڕۆڵی هەرە گرنگ دەبینێ. کۆمپانیای سۆنی لەم دواییانە کامێرای جۆری F65 CineAltaی بەرهەم هێنا کە کوالیتییەکەی 20 میگاپیکسلە و دەتوانێ هەتا 72 فرێم لە چرکەیەکدا فیلم هەڵگرێتەوە. گەر نیازیشت هەبێت 120 فرێم لە چرکەیەکدا بەکار بێنێ، دەتوانی لە سیستەمی K2ی ئەو کامێرایە سوود وەربگرێ. کامێراکە بە سیستەمی وای فای پێوەندەو دەکرێت لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵی بکەی.

## لەم یارییەدا گیانلەبەرە دەگمەنەکان رزگار بکە

پاش ئەوەی کە زنجیرە یارییە ئەلکترۆنییەکانی Farm frenzy سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێنا و زۆر لە ئۆگرانی یاری ئەلکترۆنی پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد، هەربۆیە کۆمپانیای Alawar هەستا بە بەرهەمهێنانی نوێترین یاری ئەم زنجیرەیە بەناوی Rescue frenzy. یارییەکە تا بڵێی سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەمجارە لەبری پەروەردە کردنی گیانلەبەران و بەدەستهێنانی بەرووبوومی گیانلەبەران، دەبێت ئەو گیانلەبەرانە ڕزگار بکەی کە بەرەو لەناوچوون دەچن، بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش تووشی گرفتی زۆر دەبییەوە. جار هەیە دەبێ نەخۆشخانەی تایبەت بە ئاژەڵان دروست بکەی، یان داروبار ببڕی.

ئەنیمەیشنی یارییەکە زۆر سەرنجڕاکێشە، جوڵەی ئەو کەسانەی لە یارییەکەدان بەراستی لە واقیعی نزیکن، بەکارهێنەر دەبێت هەوڵبدات خێرایی خۆی بباتە سەرێ، هەتا 45 قۆناغی یارییەکە کۆتایی پێدێنێ.



## مۆبایلێکی سامسۆنگ خەیاڵ یان راستی!



مۆبایل نەتەنیا بواری خزمەتگوزارییەکانی بەرەو پێش دەچن، بەڵکو لەبواری دیزانەوەش ئیدی شێواز و بێچمی خۆی دەگۆڕێت، ئەم مۆبایلەی کە لەم وێنەیەدا دەبینن، نوێترین جۆری مۆبایلە کە بە ویستی بەکارهێنەر دەنوشێتەوە و ئەو شێوازە دەگرێت کە بەکارهێنەر حەزی لێدەکات. مۆبایلەکە لەلایەن کۆمپانیای سامسۆنگەوە بەرهەمهاتووە. لە پێشانگای ساڵانەی تەکنۆلۆژیادا ئەمساڵ نیشاندراوە. کامێرای ئەم مۆبایلە 8 میگا پیکسلە و هاردی ناوخۆیی یەك گیگابایتە. یەکەی لێکدەرەوەی ناوەندی واتە پرۆسیسەرەکەی 1.2 گیگاهێرتزە.





## کامێرایەک بە زوومی 36xەوە




زوومی کامێرا واتە هێنانە پێشەوەی سوژەی فیلم هەڵگرتنەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە وێنەگرتنی جیهانی دیجیتالیدا دەبینێ، هەتا زومی کامێرا لەسەرتربێ، دەکرێت سوژەی وێنەکە زیاتر نزیك بکەیەوە. بۆ نموونە باڵندەیەك کە لەمەودای چەند سەد مەترێك لە کامێراکە دوورە بەزوومەکەی بیهێنیەوە پێشەوە. بێ ئەوەی کە سوژەکە لە دەستت بڕوات. کۆمپانیای ئۆلمپۆس کە بەمدواییانە ناوبانگی لەجیهانی کامێرای دیجیتالیدا دەرکەوتووە کامێرای جۆری SP-810UZی بەرهەم هێنا کە بە ڕواڵەت سادەیە، بەڵام تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی تێدا بەکارهاتووە وەك هەستەوەری CCD، کوالیتی کامێرا 14،5 میگاپیکسلە، بەڵام ئەوەی لە کامێراکەدا زیاتر هەستی بەکارهێنەر ڕادەکێشێ بوونی زومی کامێراکەیە، کە 36xیە. کە ئەو ژمارەیە بۆ کامێرایەکی تاکەکسی گرنگە. کامێراکە وەك هەموو کامێرا هاوشێوەکانی فول HDیە. خێرایی فیلم هەڵگرتنەوەی 30 فرێم لە چرکەیەکدایە، دەکرێ بکرێتە 60 فرێم لە چرکەیەکیشدا. کامێراکە سیستەمی هەستەوەری ناسینی ڕووخسار و ناسینی بزەی تێدایە. بە تەلەڤزیۆن پێوەند دەدرێ و چەندین جۆری کارت میمۆری دەخوێنێتەوە.

## گەڕانی پێشکەوتوو لە گوگلدا

ئێمە هەموو ڕۆژێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانمان پێویستمان بە سایتی دۆزەرەوەی گوگڵ هەیە، گوگڵ دەکرێ بڵێین لە ڕیزی یەکەمی سایتەکانی جیهاندایە بۆ دۆزینەوەی مەبەستەکان جا دەق بێت یان وێنە یان فیلم...تاد..

هەروەك ئاماژەم پێدا هەرچەندە ئێمە ڕۆژ نییە ئەو سایتە بەکارنەهێنین، بەڵام ڕەنگە نەزانین ئەو سایتە ئیمکاناتی دۆزینەوەی زۆر ئاسانتر و بەرفرەتری تێدایە لەوەی کە ئێمە هەتا ئێستا سوودمان لێوەرگرتووە. لە سیتسەمی گەڕانی پێشکەوتوودا کە لە هەموو ئەو زمانانەدا هەیە کە گوگڵ سوودیان لێوەردەگرێت، لە بۆکسی نووسین واتە ئەو شوێنەی نووسینەکەی لەسەر دەنووسی لەلای ڕاست یان لەلای چەپە. واتە هێمای وردبینەکە لە کوێ بێت لەوێیە. بە ئینگلیزییەکەی پێی دەگوترێت ئێمە لەم بەشەدا بۆ ئاسانکاری خوێنەرانی بەڕێز بەشی کوردیمان بە نموونە هێناوەتەوە. گەڕانی پێشکەوتوو بۆ نموونە لەوێندا کە لێدا پەیجێك واتە لاپەڕەیەك دەکرێتەوە کە لەوێدا دەتوانی لە بەشی سەرەوە ناوی مەبەستەکە دەنووسی، پاشان لە خوارەوەدا، قەبارەی وێنەکە، واتە چ قەبارەیەك بێت، جۆری وێنەکە واتە پانی و درێژی و چوارگۆشەیی وێنەکە.. هەروەها ڕەنگی وێنەکە. جگە لەوە فۆرماتی وێنەکە چ بێت، هەروەها شوێنی وێنەکە چ وڵاتێك بێت. بۆ نموونە کاتێك وشەی spring کە بەمانای بەهار دێت، داوای دۆزینەوەی دەکەین، دەمانهەوێ وێنەکە درێژ بێت، ڕەنگی وێنەکە سەوز بێت، شوێنی وێنەکە وڵاتی سوێد بێت. ئیدی گوگڵ وێنەیەکی بەهاریمان بەپێی ویستی ئێمە لە وڵاتی سوێد دەداتێ. ئەم جۆرە گەڕانە تارادەیەکی زۆر لەمەبەستمان نزیك دەکاتەوە و ئەرکەکانمان ئاسانتر دەکاتەوە.






## یۆتیوب فیلمە دوو ڕەهەندییەکان دەکات بە سێ ڕەهەندی

ڕەنگە خوێنەرانی بەڕێزی ئای تی بزانن کە سایتی یوتیوب گەورەترین سایتی بەشداربووانی کورتە فیلمە. بەدوای ئەوەیدا کە سایتی یوتیوب لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە کڕدرا، هێندەی دیکە بە خزمەتگوزاری سایتەکەوە زیادبوون. لەم دواییانەدا خزمەتگوزارییەکی نوێ بە سایتەکەوە زیادبووە ئەویش بەناوی YouTube 2D to 3D convertor، لەمەوبەولا بەکارهێنەرانی سایتی یوتیوب بۆ دانانی کورتە فیلمەکانیان پێویست ناکات کامێرای گرانبایی سێ ڕەهەندی بکڕن، بگرە هەر لە سایتەکەدا دەتوانن بیکەن بە سێ ڕەهەندی. جگە لەو خزمەتگوزارییە دوو خزمەتگوزاری دیکەش بە یوتیوبەوە زیاد بوونە، وەك: خزمەتگوزاری Magisto کە بەهۆیەوە دەوانی ئێفێکتی دەنگی و ڕەنگ لەسەر ڤیدیۆییەکان دابنێی. هەروەها خزمەتگوزاری Vlix کە دەکرێ دەکرێ دەق لەسەرەتا و کۆتایی فایلە ڤیدیۆییەکە دابنێی.




## یەکپارچەیی لە کۆمپیوتەرەکانی سەرمێزدا

گرفتێکی سەرەکی کە لە کۆمپیوتەری سەرمێزدا هەیە واتە کۆمپیوتەری جۆری Des-top کە پارچەکانی هەرکامیان لێك جیان، واتە مۆنیتەر و کیبۆرد و ماوسەکە و کەیسەکەی کە ئەویش لە پارچەکانی دیکە پێکهاتووە لێك جیایە. کۆمپانیای ئاسۆس هەوڵیداوە بە شێوەی سیستەمی "ماك" کۆمپیوتەرەکانی بکاتە یەکپارچە، واتە تەنیا شاشەیەك و بەس.

هەروەك لەم وێنەیەدا دەبینین کۆمپیوتەری جۆری سەرمێزی Ali-in-one واتە گشت پارچەکان لە یەك بەشدان کە لە سایزەکانی 21،27،32 ئینجی لەلایەن کۆمپانیای ئاسۆسەوە هاتوونەتە بەرهەم، دیزاینێکی سەرنجراکێشی هەیە و گرفتی پەرتەوازەیی پارچەکانی کۆمپیوتەری چارەسەر کردووە. هاردی ئەو کۆمپیوتەرە 1 ترابایتە. و 8 گیگابایت ڕامەکەیەتی. شاشەکەی لە جۆری LEDیە. لە بری DVD لە بلو ڕەی سوود وەردەگرێت. گشت تایبەتمەندییەکانی کۆمپیوتەرەکە لە لوتکەدایە. جگە لەوەش شوێنێکی کەم لەسەر مێز دەگرێت.

## (galaxy7)ی سامسۆنگ بەرەو لوتکە



گالاکسی (galaxy7)ی کۆمپانیای سامسۆنگ کە یەکێکە لە تەبلێتە هۆشمەند و زیرەکەکانی سامسۆنگ بەرەو لوتکەی ئامرازە کەسییەکانی دیجیتالی دەڕوات. تایبەتمەندییەکانی ئەم تەبلێتە ئەمانەن: هاردی ئەم جۆرە تەبلێتەی سامسۆنگ لە 16 هەتا 32 گیگابایتی دایە، سیستەمی پرۆسیسەری واتە یەکەی لێکدەرەوەی ناوەندی 1.2 گیگایە. کوالیتی نیشاندانی وێنە لەم تەبلێتە 7 ئینجییە لە 1204 لە 600 پیکسلدایە. کامێرایەکی دوو میگاپیکسلی لە پێشەوە و کامێرایەکی 3.2 میگاپیکسلی لە پشتەوە هەیە. ڕامی ئەم تەبلێتە یەك گیگایە. لە پێوەندییەکانی GSM، 3G، EDGE، GPRS پشتیوانی دەکات. جگە لەوە بلوتوسی 3ی هەیە و سیستەمی GPSیشی گەلێك باشە.



## هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

گۆشەی هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك پێدەچێت خوێنەرێکی زۆر گرنگی پێبدەن، بۆیە ئێمەش هەوڵ دەدەین بەپێی توانای خۆمان چارەسەری گرفتەکانیان بکەین، ئەمجارەیان هەوڵدەدەین کێشەیەکی تری کۆمپیوتەر کە بۆ زۆر لە ئێمەمانان دێتەپێش چارەسەر بکەین.

لە جیهانی دیجیتالیدا هیچ شتێك بەقەت داتاکانی شەخسی گرنگ نییە، جا وێنە بێت یان دەق و دوکیۆمێنت، یان فیلم..تاد. هەڵگرتن و پاراستنی ئەوانە لە جیهانی دیجیتالیدا گەلێك ئاسانە، هەربۆیە دزین و سڕینەوە و تێکچوونیشیان ئەوەندە ئاسانە. بەرێژێك ئەو گرفتەی بۆ هاتوتە پێش کە ئایا دەکرێت لەسەر فایلێك یان فۆلدەرێك پاسوۆرد دابندرێت، بەجۆرێك کە ئەگەر بگوازرێنەوە بۆ کۆمپیوتەری دیکەش تەنیا بە پاسوۆردەکە بکرێنەوە..

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەڵێ، زۆر پرۆگرام هەن کە ئەرکیان دانانی پاسوۆردە لەسەر فایل و فۆلدەرکان کە بەجۆرێك لە هیچ کۆمپیوتەرێك نەکرێنەوە تەنیا بەکۆدەکەی خۆیان نەبێت، دەکرێ بڵێین بۆ فایلەکانی office بۆ نموونە مایکرۆسۆفت وۆرد، پاوەرپۆینت، ئیکسل...تاد لەناو پرۆگرامەکەدا بەشی پاسوۆرد دانان هەیە، بەڵام بۆ دەق و وێنە و فیلم نییە.

بۆ ئەم مەبەستە دەتوانی پرۆگرامەکانی وەك Axcrypt لە سایتی پرۆگرامەکە کە هەر بەو ناوەیە وەرگری، هەروەها پرۆگرامی WinCry ئەویش هەر لە سایتەکەی خۆی کەهەر بەو ناوەیە وەرگری. کە ئەو دوو پرۆگرامە بەخۆڕاییین. هەڵبەتە گەلێك پرۆگرامی دیکەش هەن کە شێوازی بەکارهێنانیان زۆر ئاسانە..

## پرۆگرامی corel winDVD باشتر بناسن

گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان نیشاندانی فیلم و کلیپە، هەرکام لە پرۆگرامەکان کارایی خۆیان هەیە. کۆمپانیای Corel یەکێکە لە سەرکەوتووترین کۆمپانیاکانی بواری بەرهەمهێنانی پرۆگرامی گرافیك و مۆڵتی میدیا، لەم دواییانەدا ڤێرژنی نوێی پرۆگرامی Corel WinDVD بەرهەم هێنا کە کوالیتی نیشاندانی گەلێك لەسەرێیە. بۆ ئەوەی کە بزانن پرۆگرامەکە چ تایبەتمەندییەکی هەیە دەکرێ بڵێین زۆربەی فۆرماتە ڤیدیۆییە دەنگی و ڕەنگییەکان دەخوێنێتەوە و بە جوانترین و باشترین کوالیتی نیشانیان دەدات، بەتەواوی پشتیوانی لە دیسکی Blu-ray دەکات.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە بە کورتی:

- گشت فۆرماتە دەنگی و ڕەنگییەکان دەخوێنێتەوە.
- هەموو جۆرە CDیێك دەخوێنێتەوە.
- کوالیتی نیشاندانی زۆر بەرزە.
- توانای وێنەهەڵگرتنەوە لەو فیلمەی کە لێدەدرێت.
- بە سوود وەرگرتن لە ستانداردی AVCHD دەتوانی ڕاستەوخۆ کامێرای وێنەگرتن بە کۆمپیوتەر پێوەند بدەی و فیلمەکان بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە سەیر بکەی.
- پشتیوانی کردن لە دەنگی سێ ڕەهەندی.
- نیشاندانی فیلمی دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی....تاد.

